لێرەو لەوێ

شاسوار حاجی

تا دوای مردنی (گۆران) یش شیعری کوردی هەر رەنگدانەوەی ژیان بوو، بە گوێرەی تێگەیشتن و شارەزابوونی خەڵك دەربارەی شتەکان ئەدوا و باسی خۆشی و ناخۆشی ژیانی ئەکرد . بەڵام بە هاتنی (روانگە) شێوازی شتەکان تێك چوون و قسە بزرکاندن و بێ مانایی وردە وردە بە ناوی تازەگەری و نوێ خوازیی یەوە جێ ی بە راستی یەکان چۆڵکردو سنووری جوانی یەکانی تێك شکاند و ئاستی رۆشنبیریی دابەزاند ، هەروەها ورێنە جێ ی داهێنانی گرتەوە و قسەی بێ سەر و بەر بوو بە هەموو شتێك و بەهرەی زیندوو وشکایی هات و توانای دەربڕین زمانی قرتاو و بەهای شتەکان تۆزی ناشرینی لێ نیشت .

(روانگە) تارمایی یەکی لاسایی کردنەوەی (شیعری ٦٩)ی شیعری عەرەبی بوو تەنها لاسایی کردنەوە و چاولێ کردن بوو هیچ مەرجێکی تازە و بیر و بۆچوونێکی تازەی پێ نەبوو تەنها بنێشتی دەمی خەڵکی ئەجووەوە و هیچی تر.

(روانگە) دەستێکی رەشی لە پشت بوو زادەیەکی ئەقڵ و بیری کورد نەبوو تەنها بۆ تێکدان و وێران کردن بەرهەمیان هێنابوو (روانگە) زادەکانیش هەستیان بەوە کردبوو بۆیە زۆریان بە بێ دەنگ و بێ خشپە پاشە کشەی لێکرد لێك هەڵوەشانەوە بەڵام پاش چی پاش ئەوەی تاعوونیان بڵاوکردەوە پاش ئەوەی دوژمن چی ویستی ئەوان ئەنجامیان دا ، مینبەری گەشەسەندن و لەدایك بوون و بایەخ پێدانی (روانگە) رۆژنامە ژەهراوی یەکەی (هاوکاری) بوو ، (هاوکاری) خواستێك بوو دوژمن دروستی کردبوو تاوانێك بوو بۆ گیانی رۆشنبیری کورد قوتیان کردبۆوە . لەوێوە سەرگەردانی تازەگەری و نوێ خوازیان خستە ڕێ ، هەر چەند تەمەنی (روانگە) کورت بوو زۆر زووش مرد بەڵام تازە ئەو دەستی خۆی وەشاندبوو جوانیەکانی پیس کردبوو ، راستیەکانی وێران کردبوو شیرازەی هەقی تێکدابوو ئەو لاوانەی تازە ئەپشکوتن و هەنگاویان ئەنایە حەرەمی ئەدەبەوە فێری ئەوە ئەکران نەفرەت لە رابووردوو بکەن و چاو لە ئێستا و خەڵکی تر بکەن ، هاوار بکەن (نالی ، گۆران) تورِ دەدەنە دۆزەخەوە و روبکەنە بیری سەردەم . سەردەمی خۆت دەربڕە و رابووردوو وەلانێ مرۆڤ بێ رابووردوو ئەتوانێ راستەکانی سەردەمی خۆی بدۆزێتەوە . ناسینی (نالی و گۆران) بەلایانەوە شورەیی بوو بەڵام ناسینی (نیتشە و بێکت و جیمس جویس و ... هتد) بۆ ئەوان شانازی بوو ، خۆ دۆزینەوە بوو . شانازی بە هیچەوە و نەفرەت لە رەگ و ریشەی خۆکردن مۆدی بیر و بۆچونی خەڵکانێکی سەرگەردان بوو کە بە خۆیان ئەوت شاعیر و چیرۆك نووس و شتی وا . ئەو دەستە رەشەی لە پشتەوە بەرنامەی بۆ بیرکردنەوەیەکی وەها دانابوو کاری خۆی کرد.

ئەوەی ویستی بۆی چووە سەر ، زیانمەندی گەورە ئێمە بووین ، بارو دۆخە سیاسیەکە بۆ ئێمە لەبار نەبوو خۆمانی تیادا چاك بکەینەوە ، ئێمە وەك کورد لە هەموو لایەکەوە سەرمان لێ شێوابوو دوژمنیش هەموو هیوایەکی ئەوە بوو ئێمەی کورد وامان بەسەر بێت تا ئەوەی ئەیویست بیکات، هەتا ئەمڕۆش خۆمان بۆ نەگیراوەتەوە و لەگەڵ ئەوەی ١٠-١٥ ساڵە دەسەڵاتی کوردیش کۆمەڵگاکە بەڕێوە ئەبات کەچی ئەو دەسەڵاتە خۆی کوێرانە و دوور لە هەموو نەریت و هەستێکی نەتەوەیی ڕێگا خۆشکەری ئەو شێواندن و وێران کردنە رۆشنبیریی یەیە کە بە ناوی تازەگەریی یەوە دەستی بەسەر ئەقڵ و بیر و ئەندێشە و بەهرەماندا گرتووە و هەموو شتێکی وێران کردووە.

تراژیدیای ئافرەتی کورد لە دوو شیعری حەسیب قەرەداغی دا

مەریوان سەلاح حیلمی

حەسیب قەرەداغی شاعیری فەرهەنگی غەم، شاعیرێك لە تێگەیشتنی بۆ واقیع لە واتای خەم تێگەشتووە، شاعیر خەمەکانی ئاوێتەی خەمی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵ دەکات، لەم دوو پارچە شیعرەدا کە ئێمە راڤەی لەسەر دەکەین تایبەتە بەو واقیعە خوێناوییەی کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دیارە، ئەویش کوشتنی ئافرەت و ئەو قسەو باسانەیە کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەلکێنرێت بە ئافرەتەوە.

شیعری یەکەم

له شارێکدا
ئافرەتێکی (داوێن پیس)یان،
سەربڕی بوو
کە بۆ تۆماری (حادیسە) وێنەیان
گرت
جێگەی پەنجەو لێوی گەرمی
پیاوماقوولانی شار، مابوو..
لە سەر ران و سینەی نەرمی

ئەم پارچە شیعرەی حەسیب قەرەداغی ئەچێتە ژێر خانەی ریالیستی رەخنە گرانەوە، شاعیر لەم شیعرەدا بارە نالەبارەکانی کۆمەڵ نیشان دەدات و نەقدی کۆمەڵگە دەکات، لەم شیعرەدا دیمەنی ئافرەتێکی سەربڕاومان ئەخاتە پێش چاو، کە بە پێی داب و نەریتی ناو کۆمەڵی دواکەوتوو سەربڕراوەو زۆر بێ رەحمانە ئەو یاسا دواکەوتووانەیان بە سەردا سەپاندووە کە چەندەها ساڵە ئافرەتی پێ ئەچەوسێنرێتەوە لە لایەن چەوسێنەرو سەرکوتکەری سەرەکی کە دەسەڵاتەو چەوسێنەری دووەم کە پیاوە، چونکە وەك ئەزانرێت ئافرەت جگە لەوەی چەوساوەی دەستی دەسەڵاتن، هاوکاتیش کوشتەی دەستی باوك و براو مێردەکەشییەتی.

لەم شیعرەدا حەسیب قەرەداغی لێهاتووانە ئەم دیمەنە تراژیدیەمان ئەخاتە بەرچاو، کە چۆن ئافرەتێك بە تاوانی داوێن پیسی کە ئەم جەمسەرێکی ئەم تاوانەیە حوکمی ناڕەوای ناو کۆمەڵی بە سەردا دراوە، لە کاتێکدا کە جەمسەری دووەمی ئەم تاوانە پیاوەو لە پیاو ناقوڵانی شارە، واتە دەست رۆیشتووەکان و خواپێداوەکانی شار وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون، نەك تەنها داوێن پیسی بەڵکو پەنجەی تاوانباریشیان بۆ درێژ نەکراوە، ئەمە ئەو واقیعە تاڵەیە کە حەسیب قەرەداغی زۆر ورد تێی گەیشتووەو بۆیە رەخنە لە بارودۆخ و داب و نەریتی ناو کۆمەڵ دەگرێت، هەتا رادەیەکیش ئاماژە بۆ چینەکانی کۆمەڵ دەکات، چینی دەسەڵات و سەرمایەدارو پیاوماقوڵان ریسوا دەکات، چونکە لە هەموو سەردەم و بارودۆخێکدا هەر ئەوانن کە لە هیچییان کەم نییەو تەنها ئەوەندە نەبێت کە ناوگەڵیان هەمیشە برسییەتی.

شیعری دووەم

کچێك وتیان: وایەو وایە
سەری هەڵگرت
زۆر تەواوە وا رەدویش کەوت
دوو شەوو رۆژ کەس نەسرەوت
دۆزییانەوە
خۆی کوشتبوو
روو سووری خۆی جێهێشتبوو

لەم کورتە شیعرەی شاعیری بەناوبانگ حەسیب قەرەداغی کێشەیەك لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵ روون دەکاتەوە داب و نەریتی دواکەوتووانەی ناو کۆمەڵ کردوویەتی بە کوتەك و هەر رۆژەی بە سەر ئافرەتێکی نەگبەتدا ئەکێشێ، لێرەدا حەسیب قەرەداغی (وتی وتی)و درۆ بۆ هەڵبەستن و بوختانکردن بۆ ئافرەت بە گشتی و بۆ کچ، دەکات بە کەرەستەی شیعری خۆیی و بە دیمەنێکی تراژیدیی ئەم وتی وتی و بوختان و درۆیەمان بۆ دەکات بە شیعرو تەنها بە بینینی کوڕو کچێك یان چۆنی و چاکییەکی سەرە ڕێ یان دڵدارییەکی سادەی ناو کۆمەڵی دواکەوتوو، دەبێت بە مۆرك و نەنگی و لە کەیەك بە ناوچەوانی کچەکەوە ئەنووسێت، کاتێکیش کچەکە دەبێتە رازو قسەو خوازی ناو کۆمەڵ و بنێشتی دەمی ئەم و ئەو هەر کەسەی لە ئاشێك لێی دەکات، ناچار هیچی بۆ نامێنێتەوە تەنیا ئەوە نەبێت سەری خۆی هەڵگرێت و دوور لە کۆمەڵەکەی بوەستی و روو لە شوێنێك بکات نەناسرێتەوە، بەڵام هەندێ جار ناچاری ئەیگەیەنێتە پلەیەکی وا کە خۆی بکوژێت و چاوی لە چاوی ئەو کۆمەڵە بهێنێت کە ئەمیان تیا ریسوا کردووە بەلەکەی بێ شەرەفی و مۆرکی بی ناموسی و لە داب و نەریت دەرچوو، بەڵام خۆکوشتنی کچەکە، کە دواجار تراژیدیا هەڵدەبژێرێت، با چارە سەریش نەبێت، بەڵام دەبێتە نارنجۆکێکی رق و کینەو بە سەرو چاوی دەم بەتاڵان و دواکەوتواندا دەتەقێتەوە، دواتریش دەردەکەوێت کە وەکو کورد ئەڵێ بوخچەی نەکراوەیەو لە کۆمەڵی کوردەواریدا بە رووسووری کچ دەژمێردرێت کە ئەم کچە پاکێتی خۆی دوای کوشتنی خۆی بەجێ دێڵێ.

سەرچاوە: فەرهەنگی خەم، بەرگی دووەم، چاپی ١٩٨٩ لاپەڕەکانی ٣٩و ٤٠.

بـــــا ئـةمانبات

فروغی فەڕو خزاد

وەگێرانی : ئارام قەرەداغی

ئەفسووس لە شەوی بچووکی منا
با لەگەڵی گەڵای درەختەکانا ژوانی گرتووە
لە شەوی گچکەی منا دڵە راوکێ ی وێرانی یە
گوێ بگرە گەەی
بای تاریکایی نایەتە بەرگوێت ؟
نامۆیانە من ئەڕوانمە ئەم بەختیاری یە
راها تووم لەگەڵ نائومێدی خۆم
گوێ بگرە گەەی
بای تاریکایی نایەتە بەر گوێت ؟
ئێستا لە شەوا شتێ روو ئەدا
مانگەکەی سەر سەخت و حاڵ پەرێشانە
لەسەر ئەم بانە
کە هەر سات تێیدا ترسی رووخانە
هەور وەك کۆمەڵی پرسە داران
دەڵێ ی چاوەڕێ ی دەمی بارانە
ساتێکە و جا هیچ
شەو لەو دیو ئەم پەنجەرە دەلەرزێ
سووڕانی زەوی
وادێتە وەستان
ئەی سەرتاپات سەوز
دەستەکانت وەك یادێکی بە جۆش
بنێرە ناو دەستی عاشقی من
لێوە کانیشت وەك هەستێکی پڕ لە گەرمای وجوود
بەراموسانی لێوی عاشقی ئەمن بسپێرە
با لەگەڵ خۆیا رامان ئەپێچێ
با لەگەڵ خۆیا رامان ئەپێچێ